

_ لای ئێمە ڕێز لە خاوەن ووشە ناگیرێت !! _

شیعری: شێروان بێدڵ

بەبیرم دێت کە منداڵ بووم
فاڵچیەك هات
ناو لەپی بۆ دەخوێندمەوە
بە سەر سوڕمانێك هاتە پێش
سەیری باوکی
پیری کردم
ئینجاووتی : ئەمە کوڕتە ؟
ئەویش ووتی: بە ڵێ گیانە
کابرای فاڵچی
بەباوکمی گوت :
ووتی زۆر شت لەفینجانم
جێگای داخ و سەر سوڕمانە !
ئەو کوڕەت هەرچەند فەنانە
خاوەن وشەو بیری جوانە
ڕۆژێ دادێت
ژیانی خۆشی

لێتێک دەچێت

لەناو خەما قەیران دەبێت

دەفڕێ بۆ وولاتی غەریبی و

لەوێش زیاتر

دەبێ بەشێت !

باوکم زیاتر  لێی دەچوە پێش

دەیووت تەقیم

مردووت نەمرێ

دەپێم بڵێ چی ڕوو ئەدات ؟

ئایا دەمرێت ؟

ووتی نا بەڵام ئازارە سەختەکانی

بەقەد قورسایی چیا دەبێت

دەبتە شاعیر

ڕێز لەووشەی هیچ ناگیرێ و

ڕێسوا دەبێت !!